

## ئاڵا شەهید ناکرێ ... شاڵاو علـــــــي سەربەشاخی

خۆشەویستان
لە هەر کوێیەک
دڵۆپێک خوێنی سوورتان دی
بەرگی سەوزی لە بەردا بوو
تیشکی ڕۆژی لێ ئاڵا بوو
بێگومان بن
ئەوە ئاڵای کوردستانەو
بە دەستی پێشمەرگە بووە
لە سەر لووتکەی سەربەستیدا
شەهید بووە

خۆشەویستان
گەلێک جاران
هەڵۆی بەرزی
ئەم کوردستانە ڕەنگینە
خوێنی سووری لە سەر لووتکەی چیای بەرزا
زۆر ڕژاوە
بەڵام هەرگیز ئاڵای دەستی پێشمەرگەیەک
بە دەستی داگیر کەری کورد
نەکوژراوە

خۆشەویستان
تاکو خوێن و دڵ و کوردو چیا هەبێ
ئاڵای ئێمە نەوی ناکرێ
پێشمەرگە زۆر شەهید دەکرێ
بەڵام ئاڵا هەرگیز نامرێ
هەرگیز نامرێ ....

shallaw1@hotmail.com